15

# پەرەسیلکە











PARASILKA



پاشکۆی ڕێگای گەل — تایبەت بە
منداڵان و تازە لاوان — گولانی
1387

Parasilka_87@yahoo.com

***لەم ژمارەیەدا :***

* نامەی چارلی چاپلین بۆ ژراڵدینی کچی
* کوڕ ئۆغلۆ و هەمزە کەچەڵ
* ئالاهەڵگرانی پەیکاری سەرسەختانە و خوێناوی چریکی فیدایی
* لاپەرەیەک لەمێژوو
* لە یادی ماموستای مەزنی کرێکاران ، لینین
* کۆمۆنیزم چیە ؟
* منداڵانی سەر شەقام و ڕاپۆرتێک لە ناوخۆی وڵات

## نامەی چارلی چاپلین بۆ ژراڵدینی کچی

ژراڵدین کچم :

ئێرە شەوە ، شەوی نوئیڵ ، لە قەڵای بچووکی من هەموو سەربازەکان بە بێ چەک خەوتوون . نە برا و نە خۆشکی تۆ و تەنانەت دایکت ، بە زەحمەت توانیم بە بی ئەوەی کە ئەم باڵندە خەوتووانە هەڵبستێنم ، خۆم بگەێنمە ئەم ژوورە بچووکە نیوە ڕووناکە ، بگەێنمە ژووری چاوەڕوانی پێش لە مردن . من زۆر لە تۆ دوورم ، زۆر دوور . . . . . بەڵام چاوەکانم کوێر بێت ئەگەر بۆ ساتێک سیمای تۆ لە پێش چاوەکانم دوور بکەنەوە .

وینەی تۆ لەوێدا لە سەر مێزەکەیە ، وینەی تۆ لێرەدا لە ناو دڵی منیشدا هەیە . بەڵام تۆ لە کوێ دای ؟ لەوێ لە پاریی ئەفسونگەر لە سەر سنی پڕ لە شکۆی " شانزەلیزە " سەما دەکەی . ئەمە دەزانم و بۆیە دەڵێ لەم کاتە نیوە شەوەدا دەنگی هەنگاوەکانت دەبیسم و لەم شەوە زەنگە زستانیەدا ، تیشکی ئەستێرەکانی چاوەکانت دەبینم . بیستوومە ڕۆڵی تۆ لە نەمایشی پڕ لە نوور و شکۆدا ڕۆڵی ئەو شازادە کچەی ئێرانیە کە دیلی خانی تاتار بوو . شازادە خانم بە و سەما بکە . ئەستێرە بە و بدرەوشەوە . بەڵام ئەگەر قاقای هاندەرانەی تەماشاچیەکان و عەتری سەرخۆشی ئەو گوڵانەی کە بۆت فرێی دەدەن دەرفەتی بیداریت بۆ بەخشی ، لە سووچێک دانیشە و نامەکەم بخوێنەوە و گوێ لە دەنگی باوکت ڕاگرە . من باوکی تۆم ، ژراڵدین من چارلی چاپلینم . کاتێک منداڵ بوویت ، شەوانی دوور و درێژ لە بە دیار سەرت دادەنیشتم و بۆت چیروکم دەگێرا . چیروکی جوانی خەوتوو لە دارستاندا ، چیروکی ئەژدەهای بیدار



لە بیاباندا ، خەون کە دەهاتە چاوەکانی پیرم ، تەعنەم
لێ دەدا و دەموت بڕۆ . من لە خەونی کچی خەوتوومدا
، خەونێک دەمبینیەوە ژراڵدین ، خەونێک . . . . . .
خەونی سبەینی تۆ ، خەونی ئەمڕۆی تۆ ، کچێکم دەبینی
لە سەر سن ، فریشتەیێکم دەبینی لە ئاسماندا ، کە
سەما دەکات و دەمبیست تەماشاچیەکان دەیانوت : "
ئەو کچە دەبینن ؟ ئەمە کچی ئەو دەڵقەکە پیرەیە ،
اسمی لە بیرتە ؟ چارلی " . بەڵێ من چارلیم . من زیاتر
لە دەڵقەکێکی پیر نیم . ئەمرۆ نورەی تۆیە . سەما بکە
من بە شەڵواری دڕا سەمام دەکرد و تۆ لە لیباسی
حەریری شازادەکان سەما دەکەی . ئەم سەمانە ، و
زیاتر لە ئەوان دەنگی چەپڵە لێدانی تەماشاچیەکان ،
هێندێک جار تۆ بەرەو ئاسمانەکان دەفرێنێ . بڕۆ ، بۆ
ئەو شوێنە بڕۆ بەلام هێندێک جاریش وەرەوە سەر
زەوی و تەماشای ژیانی خەڵک بکە ، ژیانی سەماگەرانی
بی جێگا و شوێن لە ناو کولانەکانی تاریکدا ، کە بە
زگی برسی سەما دەکەن و بەو پێیانە کە لە هەژاریدا
دەلەرزێ . من یەکێک لەم کەسانە بووم ژراڵدین ، و
لەو شەوانەدا ، لە شەوانی وەک چیروکی کاتی منداڵی
تۆدا ، کە بە لالایی چیروکەکانی مندا دەخەوتی ، و من
هێشتا بیدار بووم و تەماشای رووخساری تۆم دەکرد ،
لێدانی دڵت دەژمێردم و لە خۆم پرسیارم دەکرد :
چارلی ئایا ئەم بەچکە پشیلەیە ، هەرگیز تۆ
دەناسێتەوە ؟
تۆ من ناناسی ژراڵدین ، لەو شەوە دوور و درێژانەدا ،
ئەوەندە . . . . . چیروکم بۆ دەگیرا ، بەلام هەرگیز
چیروکی خۆمم بۆ نەگیرا . ئەمە چیروکیکە شیاوی
بیستن : چیروکی دەلقەکێکی برسی لە هەژارترین
گەرەکەکانی لەندەن کە گورانیی دەوت و سەمای



دەکرد و بە خێری خەڵکی دەژیا . ئەمە چیروکی منە .
من تامی برسیەتیم چشتووە ، من دەردی بێ ماڵیم
کێشاوە . و زیاتر لە هەمووی ئەمانە ، من هەستم
کردووە بە دەرد و رەنجی دەڵقەکی بێ جێگا و شوێن
کە ئوقیانوسێک لە غرور لە ناو دڵی ئەودا شەپوڵ
دەدات ، بەلام سکەی خێری رێبوارێک دەبێتە هۆی
وشک بوونی غروری ئەو .
بەلام سەرەرای ئەم هەمووە من زیندووم و لە
زیندووەکان پێش لە ئەوەی کە بمرن نابی قسەیێک
بکەین . چیروکی من بە کەڵکی تۆ نایەێت . لە تۆ قسە
بکەین . بە دوای ناوی تۆ ناوی منە : چاپلین . بەم
ناوەدا زیاتر لە 40 ساڵ خەڵکی سەر زەویم دەکەناند
و زیاتر لەوەی کە ئەوان کەنیان ، خۆم دەگریام .
ژراڵدین لە دونیایەک کە تۆ دەژیت . تەنیا سەما و
موسیقی نیە . نیوە شەو کاتێک لە سالونی پڕ شکۆی
تیاتر دەر دەچیت . تەماشاچیانی دەوڵەمەند بە
یەکجاری لە بیر بکەرەوە ، بەلام لە حاڵ و وەزعی ئەو
راننده تاکسیەی کە تۆ دەگەێنێتە بەر ماڵەکەت ،
بپرسە . حاڵی ژنەکەی بپرسە . . . . . و ئەگەر
دووگیان بوو و پوولێک بۆ کرینی لیباس بۆ

مندالّەکەی نەبوو ، بە نهێنی پوول لە ناو گیرفانی مێردەکەی دابنێ . بە نوێنەری خۆم لە بانکی پاریس وتووم تەنیا ئەم جۆرە خرج کردنانەی تۆ بێ قسە و باسێک قبوول بکات . بەلاّم بۆ خەرجەکانی تری تۆ دەبێ لیستی خەرجەکانت بۆم بنێری .

جاروبار ، بە ئۆتوبوس ، بە میترۆ لە ناو شار بگەرە . تەماشای خەڵک بکە و لانی کەم رۆژێک لە گەل خۆت بلّێ : " منیش یەکێک لە ئەوانم . " تۆ یەکێک لە ئەوانی - کچم ، نە زیاتر . هونەر پێش لە ئەوەی کە دوو باڵی دوور فرین بە ئینسان بدات ، زۆربەی جاران دوو پێی ئەویش دەشکێنێ . و کاتێک بەو جێگایە گەیشتی کە بۆ ساتێک خۆت بەرزتر لە تەماشاچیانی سەماکەت بزانی ، هەر ئەو کاتە سن بە جێ بهێڵە . و بە یەکەمین تاکسی خۆت بگەێنە دەرەوەی پاریس . من ئەو شوێنە زۆر بە باشی دەناسم . لە سەدان ساڵ لەمەوبەر ئەو شوێنە شوێنی هەوانەوەی بەهاری کۆلیەکان بووە . لەوێدا ، سەماکەرانێک وەک خۆت دەبینی . جوانتر لە تۆ ، چالاکتر لە تۆ و مەغرورتر لە تۆ . لەوێدا خەبەرێک لە نووری پرۆژکتۆرەکانی تیاتری " شانزەلیزە " نیە . پرۆژکتۆری سەماکەرانی کۆلی ، تەنیا نووری مانگە . بە باشی تەماشا بکە ، جوان تەماشا بکە ، ئایا باشتر لە تۆ سەما ناکەن ؟ ئیعتراف بکە کچم ، هەموو کات کەسێک هەیە کە باشتر لە تۆ سەما دەکات . هەموو کات کەسێک هەیە کە باشتر لە تۆ موسیقی دەژەنێ . و ئەمیش بزانە کە لە بنەماڵەی چاپلین هەرگیز کەسێک ئەوەندە بێ شەرم نەبووە کە بە کالسکە رانێک یان دەریوزەکەرێکی قەراخ رووباری سن ، جنیو بدات . من دەمرم و تۆ دەژیت . هیوادارم هیچ کات لە هەژاریدا نەژیت . لە گەل ئەم نامەیە چکێکی سپی بۆت رەوانە دەکەم . هەر مەبلەغێک کە ویستت بنووسە و وەری گرە . بەلاّم هەمیشە کاتێک دوو فرانک خەرج دەکەی . لە گەل خۆت بلّێ : " سکەی دووهەم بۆ من نیە . ئەم سکەیە بۆ کەسێکی نەناسراوە کە ئەمشەو پیویستی بە فرانکێک هەیە . " بە دوا گەرانی پیویست نیە . ئەم کەسانەی کە پیویستیان هەیە لە هەر شوێنێک دەدۆزیتەوە . ئەگەر لە گەل تۆ قسە لە پوول و سکە دەکەم ، بۆ ئەوەیە کە بە باشی لە هێزی ئەم بەچکە شەیتانانە تێگەیشتووم ، من ماوەیێکی دوور و درێژ لە سیرک ژیاوم . و هەمیشە و هەر ساتێک ، بۆ بەندبازەکانی کە لە سەر ریسمانێکی باریک رێگا دەچن زۆر نیگەران بووم . بەلاّم ئەمە راستیێکە کە لە گەڵ تۆ باسی دەکەم .



کچم : خەڵکانی سەر زەوی قایم و سەخت ، زیاتر لە بەندبازەکان لە سەر ریسمانی ناقایم و سست ، دەکەونە خوارەوە . لەوانەیە کە شەوێک تریوەی گرانترین ئەڵماسی سەر زەوی فریوت بدات . ئەو شەوە ئەم ریسمانە ، ریسمانی ناقایم و سستی تۆ دەبێت . و کەوتن خوارەوەت حەتمیە . لەوانەیە رۆژێک سیمای جوانی شازادەیەک فریوت بدات ، ئەو رۆژە تۆ بەند بازێکی ناشارەزایت و بەند بازانی ناشارەزا هەمیشە دەکەونە خوارەوە . دڵت بە زێر و زیوەر مەسپێرە . لە بەر ئەوەی کە مەزنترین ئەڵماسی ئەم جیهانە هەتاوە و بە خۆشبەختیەوە ، ئەم ئەڵماسە لە ملی هەموو کەسێک ئەدرەوشێتەوە . . . .

بەڵام ئەگەر رۆژێک دڵت سپاردە هەتاوی سیمای پیاوێک ، لە گەڵی یەک دڵ بە . بە دایکت وتووم لەم بارەیە نامەێک بۆت بنووسێ . ئەو عشق باشتر لە من دەناسێ و ئەو بۆ تاریف کردنی یەک دڵی شایستەتر لە منە . کاری تۆ زۆر سەخت و دژوارە . ئەم شتە دەزانم . لە سەر سن ، جگە لە پارچەیێکی نازک لە حەریر ، شتێک لەشی تۆ داناپۆشێ . بۆ هونەر ئینسان دەتوانی روت و پوت بچێتە سەر سن و پۆشراوەتر و پاکتر بگەرێتەوە . بەڵام هیچ شتێک و هیچ کەسێک لەم جیهانە نیە کە شایستەتر لەوەی بێت کە کچێک نینۆکی پێی خۆی بۆ ئەو بخاتە دەرەوە . روت و پوتی نەخۆشی دەورانی ئێمەیە . من پیر بووم و لەوانەیە قسەکانم پێ کەنینی بێت . بەڵام بە بڕوای من ، لەشی روتی تۆ دەبێ هی کەسێک بێت کە رۆحی روتی ئەوت خۆش دەیەوێ . خراپ نیە ئەگەر بیرو بۆچوونی تۆ لەم بارەوە هی دە ساڵ لەمەوبەر بێت . هی دەورانی پۆشراویت . مەترسە ، ئەم دە ساڵە تۆ پیر ناکاتەوە .

## بێشکەی مناڵ

دایک دای ڕنج ، بۆ مناڵ دای ..
بۆ بزەی ناو بێشکەی ئارام ،
بۆ شیرینیی گڕو گاڵ دای ..

باوک هەچ ئارەقێکی ڕشت
بۆئەوەی ڕشت _ من دڵنیام _
نەمری کات : بڕبڕەی پشت ...

ئای ئەو ماڵە چەن ئاوایە :
کە دایک و باوک لای بێشکەدا ،
گوێ یان لە مشەی ساوایە !

ئای ئەو ماڵە چەن بێ باکە :
کە لە باڕووت و لە بۆمبا
ژێر بێشکەی مناڵیان پاکە !

ئای چەن خۆشە : ماڵێک بێ وا
ڕووی دنیا ، ئەم پەڕە تا ئەوپەڕ ،
دڵنیا بین بێکشەی ساوا
نابێ بە خۆڵە مێشی شەڕ ! ...

( گۆران )

# کـــــۆڕئـــــۆغلـــــۆ و هـــەمـــزە کـــەچـــەڵ

**نووسینی : سەمەد بەهرەنگی**

**( بەشی یەکەم )**

چەند ساڵ لەمەو پێش پاڵەوانێکی لاوچاک و بەجەرگ لە ئازەربایجاندا هەبوو ، ناوی کۆڕ ئۆغلو بوو . کۆڕئۆغلو پێش ئەوەی شۆڕەتی بە پاڵەوانی دەچێ , ناوی ڕۆشن بوو . بە باوکی ڕۆشنیان دەووت عەلی کیشی . عەلی مەیتەر و ڕەوگەچی حەسەن خان بوو . لەبەخێکردنی ئەسپ دا وێنەی نەبوو . بەتیلە چاوێک دەیزانی فلانە ئەسپ چۆن ئەسپێکە . حەسەن خان خانێکی زۆر دەوڵەمەند و زۆردار بوو . ئەو وەک خان و میرەکانیتر پیاو و لەشکرێکی زۆری هەبوو و ئارەزووی هەرچی بکردبایە دەیکرد : سازەلامی دەکوشت , زەوی و زاری خەڵکی داگیر دەکرد , باج و خەراجی بێ حیسابی لە جوتیار و ئیشکەران دەستاند . پاڵەوانە ئازادی خوازەکانی دەخستە زیندانەوە و ئەشکەنجەو ئازاری و ئازاری دەدان , کەس خۆشی نەدەوویست تەنیا بازرگانە گەورەکان و خانەدان و ئەشرافەکان لەخان ڕازی بوون , ئەوانیش بەکۆمەکی یەکتری خەڵکیان تالآن دەکردو بێگاریان پێ دەکردن , کۆڕی عەیش و عوشرەتیان سازدەکرد . بۆ خۆیان لە شوێنە ئاووهەوا خۆشەکانی کۆشکی قەشەنگیان دروست دەکردو دەیان ڕازاندەوەو هەرگیز بیریان لە ژیانی خەڵکی نە دەکردەوە . تەنیالە کاتێکدا جووتیارەکانیان دەکەوتەوە بیر کە دەیان ویست داهات و ماڵ و سەرمانی خۆیان زۆر کەن حەسەن خان خۆی و هەموو خانەکانی دیکە نۆکەر و ئەڵقە لەگوێی خانی گەورە بوون:خانی گەورە باج و سەرانەی لەوانە وەردەگرت و دەیپاراستن و ڕێگای دەدان هەر چۆنێک ئارەزو دەکەن باج و خەراج لەخەڵکی بستێنن بەلآم لە بیریان نەدەچو کە هەموو ساڵێک بەشی ئەو زیاتر کەن . بەخانی گەورەیان دەوت « خودکار » . خودکار ساماندارترین و بە تواناترین خان بوو . سەدان , هەژاران خان و ئەمیر و سەرکردە و جەللاد و پاڵەوانی نانخۆر لە کۆشکی ئەودا بوون . وەک سەک لێی دەترسان , بەبێ چەندوچون و کوێرانە ملیان بۆ فرمانەکانی کەچ دەکرد . رۆژێک خەبەر بە حەسەن خان گەیشت کەحەسەن پاشای دۆستی بۆ دیدەنی ئەو دێ . فرمانی دا کۆڕی بەزم و ئاهەنگ سازبکەن و بۆ پێشوازی پاشا برۆن . حەسەن پاشا چەند رۆژێک لە ماڵی حەسەن خان بوو , ئەو رۆژەی کە دەیوویست بگەرێتەوە ووتی : حەسەن خان ! بیستوومە ئەسپی زۆر ڕەسەنت هەیە ؟! . حەسەن خان بەفیزکردنێکەوە ووتی :. کەسێک نی یە لەم دەرو بەرە وەکو ئەسپی منی هەبێ . ئەگەر بفەرموون جوتێکتان پێشکەش دەکەم . حەسەن پاشا ووتی ! بۆچی نامەوێ ؟ حەسەن خان ئەمری کرد ڕەوەئەسپەکە بۆ کەوەڕ نەبا , تاکو پاشا دوو ئەسپ بەدڵیخۆی هەڵدەبژێرێ . عەلی کیشی رەوگەوانی پیر, دەیزانی کە لەناو ڕەوە ئەسپەکەدا ئەسپی گەلێ ڕەسەنی تێدایە بەلآ هیچیان ناگانە ئەو دوو جوانووە ئەسپەی کە باوکیان ئەسپی دەریایی بوون کە رۆژێکیان ڕەوە ئەسپەکەی بۆ کەنار دەریا بردبوو و خۆیشی لە کەنارێک لێی ڕاکێشابوو . لە

ناکاوێکدا بینی دوو ئەسپ لە دەریاوە هاتنە دەرەوە و لەگەڵ دوو ماینی ناو ڕەوەکەدا جووت بوون . عەلی کیشی ئەم دووماینەی خستە ژێر چاودێری خۆی , تاکو ئەو ڕۆژەی هەردووکیان زان . عەلی جوانووەکانی زۆر خۆش دەویست و دەیوت :. ئەم دوو جوانووە دەبنە باشترین ئەسپی دونیا . ئەمەبوو وەختێ کە حەسەن خان گۆتی دەیەوێ ئەسپ پێشکەشی میوانەکەی بکات بەخۆیی ووت :. بۆچی ئەسپەکان لە لەوەڕ بکەم وبیانهێنمەوە ؟ لەناو ڕەوەکەدا لەو دوو جوانوە ئەسپەی باشتری تێدا پەیدا نابێ ! . ڕەوگەکەی بۆ لەوەڕ بەردا و دوو جوانووەکەی بۆ بەردەمی کۆشکی خان هێنا :. حەسەن پاشا ڕووبەخەندان و پێکەنین لەکۆشک هاتە دەرەوە تاکو جووتە ئەسپێکی چاک هەڵبژێرێ . بینی هیچ سەر و سۆراخێکی ئەسپ نیە و لەبەردەمی کۆشکەکەدا جگە لە دوو جوانووە ئەسپی بچووک و لەڕ و لاواز کەڕاوەستاون .ووتی :. حەسەن خان ! , واویار , ئەمانە ئەو ئەسپانەن کە پێشکەشمیان دەکویت . بەڵێ ! من زۆرم لەم بارگیرانە هەیە بیستبووم کە ئەسپی ڕەسەنت هەیە . ئەگەر باشت ئەمتنە بن , دەبێ ئەوزانی ترت چۆن بن ! . حەسەن خان بە بیستنی ئەم قسەیە سوور هەڵگەڕا , دونیای لەبەر چاویا ڕەش هەڵگەڕا . بەسەر عەلی کیشی دا نەڕاندی : هۆ زەلام ! , مەگەر پێم نەووتی ئەسپەکان بۆ لەوەڕ مەبە ؟!عەلی کیشی ووتی :. سەلامەت بێ , خۆت چاک دەزانی کەمن سەرەڕیشم لە ئێلەکەی تۆدا




سپی کردوە و ئەسپ ناسێکی بێوێنەم . لە ناو ڕەوگەکەدا لەم دوو جوانووە ئەسپەی چاکتری تێوا نیە .خان لەم روو قەیمی و چەنە بازی یەی عەلی کیشی زیاتر پەست بوو فرمانی دا : « جەللادا , هەر بەزوویی چاوی ئەم پیاوە زمان درێژە دربێنە » هەرچەندی عەلی کیشی پاڕایەوە , و ناڵایەوە کەمن گوناهم نیە و درێغیم نەکردوە , دادی نەدا , جەللاد بە خێرایی عەلی کیشی گرت و چاوەکانی دەرهێنا .عەلی کیشی ووتی :. خان ! . ئێستاکە گەورەترین نازونیعەتی ژیانت لەمن ستاند , بەڵام ئەو دوو جوانووەم بدەیە.خان ڕقی نەنیشتبۆرە و بانگی کرد :. بارگیرە مردووەکانت ببە و بە خێرایی لێرە دووربکەوە . عەلی لەگەڵ دوو جوانوەکە و کوڕەکەی سەری بۆچۆلی هەڵگرت . لەبیری تۆڵەسەندنەوەی خۆی و ملیۆنان هاو وولاتی تردا بوو . بەڵام ئیستاکە دەبێ تا هاتنی ڕۆژی تۆڵەسەندنەوە دان بەخۆی دابگرێت . چەند شەو و ڕۆژان لەگەڵ ڕۆشنی کوڕی و دوو جوانوەکەی چەندان دەشت و بیابانی بڕی , لە ئەنجام دا لەسەر چیایەکی هەڵدێری پڕپێچ و پەنا داگیرسایەوە . بەم چیایەیان دەوت (چنڵی بل ) عەلی کیشی بەیارمەتی ( ڕۆشنی ) کوڕی بۆ مەشق دانی جوانوەکان زۆر بەسەختی تیێی دەکۆشا . بە شێوەیەک پاشی ماوەیەک جوانوەکان بوونە دوو ئەسپی بەهێز و توندڕەو کە ڕۆژگار تا ئەو ڕۆژەی لەوێنەی ئەوانی نەبینی بوو . ئەسپێکیان ناونا ( قیرات ) و ئەوی تر

( دورات ).قیرات ئەوەندە بەغاربوو ڕێی سێ مانگانەی بەسێ ڕۆژ دەبڕی . ئەوەندە بەهێز و جەنگاوەر بوو لەشەڕدا بەرانبەری لەشکرێک ڕادەوەستا ,. ئەوەندە بەوەفا و میهرەبان بوو نەی دەهێشت لە کۆرئۆغلو بەولاوە کەس سواری بێ , مەگەر کۆرئۆغلو خۆی بە دەستی کەسێکی بسپاردبا , کە لە کۆرئۆغلو دووردەکەوتەوە دەگریا و دەی حیلاند حەزی دەکرد کۆرئۆغلو بێتە لای و سازی بۆبژەنێ و شیعری بۆ بخوێنێ و گۆرانی قارەمانێتی بۆ بچڕێ . قیرات باش لە زمانی کۆرئۆغلو دەگەیشت هەر لەجوولەی دەست و چاوەکانی یەوە دەیزانی چی لەدڵدایە ! هەڵبەتە دوراتیش لە قیرات کەم دەست نەبوو . ڕۆشن ئاگای لەنەخشەکانی باوکی هەبوو , بەدڵ وگیان تێی دەکۆشی تا وەکو ڕۆژی تۆڵەساندنەوە نزیکتر بکاتەوە . وەختێک عەلی کیشی دەمرد . تا ڕادەیەک بیری ئاسوودە بوو, چونکە ئەو تۆوەی تۆڵەی ناشتبووی , ئێستا سەری لە خاک دەر دەهێنا و چونزەڵەی دەردەکرد , ئەو دڵنیا بوو کە ( ڕۆشن نەخشەکانی جێ بەجێ دەکاو تۆڵەی گشت مرۆڤە ستەم لێکراوەکان لە خودکار و خانەکان دەسێنێتەوە . ڕۆشن , باوکی لەچنڵی بڵ ناشت . ڕۆشن لە ماوەیەکی کەمدا توانی نۆسەد و نەوەد و نۆ پاڵەوانی لەخۆبور لەچنڵی بڵ کۆکاتەوە و خەباتێکی سەخت دژی خانی گورە دەست پێکا و لەدرێژایی ئەم خەبات و تێکۆشانەدا بوو کە کۆرئۆغلو ناوبانگی دەرکرد . چنڵی بڵ بەخێرایی بووە پەناگای ستەم لێکراوەکان و ئازادیخوازان و تۆڵەسەندەکان . قارەمانی چنڵی بڵ ( مالی ) کاروانەکانی خان و ئەمیران و خودکاریان تالان دەکردو بەسەرخەڵکی هەژارو بێ نەوادا دابەشیان دەکرد.چنڵی بڵ قەڵایەکی سەرسەختی پیاوانێک بوو کە یاسایان ئەمەبوو ( . ئەوەی ئیش دەکا مافی ژیانی هەیە و ئەوەی بەری ڕەنجی خەڵکی دەخوا و بەڕابواردن و کۆڕی بەزم و شادی تۆی دەدا دەبێ نەمێنێ . ئەگەر نان هەبێ دەبێ هەموو بخۆن ئەگەر نەبێ , دەبێ هەموو برسی بن , دەبێ هەموو کۆشش بکەن تا نان بەدەست بێنن , ئەگەر خۆشبەختی و ئاسایش هەبێ , دەبێ بۆ هەمووان بێ ئەگەر نەبێ نابێ بۆ هیچ کەس هەبێ .کۆرئۆغلو و پاڵەوانەکانی لەهەموو جێگایەک لایەنگیری خەڵک و دوژمنی سەرسەختی خان و مفتەخۆرەکان بوون . هیچ خانێک لەترسی ( چنڵی بڵی ) یەکان پشیەخەوێکی ڕەحەتیان لێ نەدەکەوت خانەکان هەر چەندی هەوڵیان دەدا چنڵی بڵیەکان پەڕاگەندەبکەن و کۆرئۆغلو بکوژن , نەیان توانانی لەشکری خانی گورە چەندان کەڕەت هێرشی بۆ سەر چنڵی بڵ برد , بەڵام هەموو جارێک بە دەستی چیایی یەکان تارومار دەبوو کاتێک دەشکا و لە و ریسوایی بەولاوە شتێکی تر بە خان نەدەبڕا . ژنانی چنڵی بڵ لە پیاوەکانیان کەم دەست تر نەبوون . بۆ وێنە ژنە شۆخەکەی کوێرئۆغلو کە ناوی نیگار بوو شمشێر وەشێنێکی زاڵ بوو , زۆر جار بەرگی جەنگە لەبەر کردبوو , بەسواری ئەسپەوە و شمشێر بەدەستەوە چووبووە ناو جەرگەی سوپای دوژمن و لێ ی دابوون و لاشەی دوژمنی وەک گیبشەدار هەڵچنی بوو . هەر سەفەر و پاڵەوانی یەکی کۆرئۆغلو , داستانێکی سەربەخۆیە , داستانەکانی بەجیا باس دەکرێ . پڕی لەشعری جوان جوان و مانادارە کە عاشقەکانی ئازەربایجان بەتورکی بە دەنگ و سەدا و ساز ژەنینەوە بۆ خەڵکی دەگێڕنەوە .

( بەشی دووهەم لە ژمارەی داهاتوو )

# ئالاهەڵگرانی پەیکاری سەرسەختانە و خوێناوی چریکی فیدایی

سێهەمی جۆزەردانی 1350 هەواڵی شەڕ و موقاوەمەتی چەکدارانەی چریکەکانی فیدایی بە خێرایی لە سەرانسەری شاری تاران بڵاو بووەوە .

هەموو کەس لە موقاوەمەتی قارەمانانە ی چریکەکانی فیدایی لە بەرانبەر بەکرێگیراوانی رژیمی شا قسەیان دەکرد . هەموو کەس بە ناباوەری ئەم هەواڵەیان بلاو دەکردەوە کە ئەمیر پەرویز پویان چریکی فیدایی گەل ، جەنگاوەری بێ وێنە و دوژمنی سوێند خواردووی رژیمی شا و ئیمپریالیزمی ئەمریکا کە رژیمی شا زۆری لێ دەترسا لەم شەڕەدا شەهید کرابێت . بەلام کۆمەڵانی زەحمەتکێش کە قارەمانانی خۆیان هەموو کات نەمر دەزانن ئەم هەواڵەیان باوەڕ نەدەکرد و تا ماوەیەکدا دەیانوت پویان زیندووە ، و هەر کەس بۆ خۆی دەلیلێکی دەهێنا . بەڵام هاوڕێ مەزن پویان هەر ئەو رۆژە لە حاڵێکدا لە ماڵی تیمی نهێنی لە خیابانی نیرو هەوایی کەوتبووە گەمارۆی هێزەکانی بەکرێگیراوی پیسی رژیمی شا و ساواکیەکان و پولیس ، پاش شەڕێکی قارەمانانە و تا پێ گیان ، پاش ئەوەی کە گوللەکانی بەرەو دوژمنی گەل هاویشت بە ئاخیرین گوللە خۆکوژیی کرد و کۆتایی بە ژیانی پڕ لە شانازی خۆی هێنا . ئەو مەرگی بە دیل بوون بە دەستی ئینسان کوژانی حکومەتی شا تەرجیح دا و پێ باشتر بوو بمری تاکو ئەسیری دوژمن بێت . هاوڕێ ئەمیر پەرویز پویان یەکێک لە رێبەران و دامەزرێنەرانی رێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران لە ساڵی 1325 لە شاری مەشهەد لە دایکبوو ، لە هەمان شاردا لە گەڵ هاوڕێ مەسعوود ئەحمەد زادە ئاشنا بوو و خەباتی خۆی دەستی پێکرد . پاشان لە گەڵ هاوڕێ مەسعوود و عەباس مفتاحی دەستیا دایە سەرەتای دامەزراندنی گروپ . هاوڕێ پویان سەرەرای هەستی شۆرشگێرانە و داهێنانی مەزنی خۆی نووسەرێکی توانیش بوو و چەندین کتێبیشی نووسیوە .




هاوڕێ پویان پاش دەستگیر بوونی هاوڕێیانی سیاکەڵ و ئیعدامی ئەوان ، لە تیرور کردنی شۆرشگێرانەی قازی بێدادگاکە بە ناوی فەرسیو بەشداریی کرد و لە کۆتایی دا پاش ساڵەها خەبات لە رێگای ئارمانی زەحمەتکێشان لە سێهەمی جۆزەردانی 1350 شەهید کرا .

یادی بەرێز و رێگای پڕ لە رێبوار بێت .

# لاپەڕەیەك لە مێژوو

**تـــــازە**

**لاوانی ئازیز**



لە ژمارەی پێشدا گەیشتینە سەرەتای دامەزرانی كۆمەڵگای كۆیلەداری و ئێستا سەرەرای شی كردنەوەی پێكهاتەی ئەم كۆمەڵگایە لە سەر ڕاپەرینی مەزنی ئەم دەورەیە واتە شۆرشی كۆیلەكان بە ڕێبەری ئیسپارتاكوس باس دەكەین . كۆیلەداری یەكەمین پێكهاتەی كۆمەلایەتی - ئابووریە كە لە سەر ئەساسی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە دامەزرا . كۆیلەداری لە قۆناغی هەلوەشانی كۆمەڵگای كۆمۆنی سەرتایی و لە سەر بنیاتی نابەرابەری ئابووری كە خۆی ئاكامی پەیدا بوونی خاوەن مڵكایەتی تایبەتی بوو پەرەی ساند . كۆیلەداری یەكەم جار لە ولاتانی میسری كۆن ، بابل ، ئاشوور و چین و هیندوستان سەری هەڵدا ، بەڵام لە یونان و روومی كۆن لە قەبارەی كلاسیكی خۆی پەرەی ساند . لە رۆژئاوا و هەروەها لە ولاتی ئێمە واتە ئێرانی كۆن كۆیلەداری زیاتر خاوەن تایبەتمەندی باوک سالاری و بنەماڵەیی هەبوو . دوو چینی سەرەكی ئەم پێكهاتە كۆمەلایەتی - ئابووریە بریتی بوون لە كۆیلەكان و كۆیلەداران . چینەكانی مام ناوەندی وەک ماڵكەكانی بچووک و پیشە وەران و ئەفرادی كە سەر بە هیچ چینێک نەبوون و زۆرتر پێكهاتبوون لە ماڵكەكانی بچووكی وەرشكستە بەڵام كۆیلە نەبوون ، وجودیان هەبوو . ئەساسی پەیوەندیەكانی بەرهەم هێنان لەم دەورەیە بریتی بوو لە ماڵک بوونی كۆیلەدار لە سەر ئامرازەكانی بەرهەم هێنان و هەروەها لە سەر كۆیلە . كۆیلە وەک ئامراز و كەلوپەلی شیاوی كرین و فرۆشتن رەفتاری لە گەڵ دەكرا . كۆیلەدار خاوەن گیان كۆیلە بوو . كۆیلەدارانیش خۆیان بە توێژەكانی جۆراوجۆر دابەش دەكران وەک ماڵكانی گەورەی زەوی ، خاوەن كارگەكان و توجار . لە هەلومەرجی كاری ژمارەیەكی زۆر لە كۆیلەكان و هەرزانی لە رادە بەدەری ئەوان ، سەرەرای ئەوەی كە ئامرازەكان زۆر سادە و ساكار بوون ، بەڵام زێدە بەرهەم بە دەست دەهات كە خۆی بووە بە نیسبەت كۆمۆنی سەرتایی ئەم ئیمكانەی زۆرتر فەراهەم دەكرد تاكو ئامرازەكانی بەرهەم هێنان گەشە بكات و زانست و هونەر پەیدا بێت . بەڵام پاش گەشەیێكی دیاریكراو و سنووردار كە بۆ چەندین سەدەی خایاند هێزەكانی بەرهەم هێنەر لە چوارچێوەی پەیوەندیەكانی بەرهەم هێنانی كۆیلەیی نەیانتوانی پەرە بستێنن . بە هۆی زیاد بوونی دژایەتیەكانی چینایەتی كە شۆرشەكانی مەزنی كۆیلەكان نموونەی ئەوە بنەما و كۆڵەكەكانی كۆیلەداری سست و لاواز بووەوە . و لەم دەورەیە بە دواوە

←



پێکهاتێکی تر بە ناوی دەورانی دەرەبەگایەتی پەیدا بوو کە لێرەدا باسی لە سەر ناکەین و لە ژمارەی داهاتوو زۆرتر لە سەری باس دەکەین . بەڵام مەزنترین شۆرشی کۆیلەکان لە دەورانی کۆیلەداری شۆرشی ئیسپارتاکوس بوو . شۆرشی کۆیلەکان لە مەودای دەورانی کۆیلەداری زۆر بوو و یەکەمینی ئەوان دەگەرێتەوە بۆ 132 تاکو 135 ساڵ پێش لە زائین ، دووهەمین شۆرش لە 100 تاکو 104 ساڵ پێش لە زائین و ئاخیرینی مەزنترین شۆرشی کۆیلەکان بە رێبەری ئیسپارتاکوس لە 71 تاکو 73 ساڵ پێش لە زائین واتە 2081 تاکو 2083 ساڵ لەمەوبەر بوو . لەم دەورانە هێندێک کۆیلە کە لە باری لەشەوە بە هێز بوون بۆ شەڕ لە گەڵ یەکتر و هێندێک جار لە گەڵ حەیواناتی درندە وەک شێر و پلنگ هەڵدەبژێران و لە گۆرەپانێک و لە کاتێک کە ئیمپراتور و یان بەرپرسان پێیان خۆش بوایە ئەوانیان بە شەڕ دەدا و ئەم کۆیلانە بە ناوی گلادیاتۆر دەناسران . گلادیاتۆرەکان لە موسابقە و یان کێ بەر کێەکان دەبوایە رەقیبی خۆیان بکشتان و یان بە دەستی رەقیبی خۆیان بکوژران . ئەمە دیمەنە نائینسانیە یەکێک لە ساتەکانی خۆشی ئیمپراتۆر و یان بەرپرسان و کۆیلەداران بوو و زۆر حەزی پێیان دەهات . دیمەنی کوژرانی مرۆڤێک بە دەست مرۆڤی هاوچارەنووسی خۆی . هەڵبەت هەموو کات گلادیاتۆر و یان کۆیلەی بە هێز دەبوایە مایەی خێر و بەرەکەت بۆ خاوەنی ئەو واتە کۆیلەدار ، لە بەر ئەوەی کە بە نرخێکی زۆر دەتوانی موعاملەی لە سەر بکات . ئیسپارتاکوس بە دژی ئیمپراتوری رومی کۆن بە ناوی کراسوس شۆرشی کرد و شۆرشی ئەو لە هەر بوارێکەوە کە سەیری بکەی شۆرشێکی ئەسیل و بنەرەتی و چینایەتی بوو کە خاوەن کۆڵەکەکانی ئیمپراتوریەتی رومی کۆن و دەرباری کراسوس و قازانجەکانی کۆیلەدارانی کردە ئامانجی خۆی و لە مەودایێکی زۆر کەم کۆیلەکان لە هەر نەتەوەیەک بە ریزەکانی پەیوەست بوون و بۆیە ترسی خستە ناو دڵی کۆمەڵگای جیهانی کۆیلەداری و کۆیلەداران لە هەر شوێنێکی جیهاندا شۆرشی ئیسپارتاکوس بە خەتەری یەکەم بۆ خۆیان ناو دەبرد . لە ناو رێکخستنی سوپای کۆیلەکانی شۆرشگێردا پەیوەندیەکانی ئینسانی و بەرابەر و یەکسان دامەزرا و بەرێوە دەچوو . تاکو لە کۆتائیدا شۆرشی ئیسپارتاکوس لە 73 ساڵ پێش لە زائین بە هێرشی سوپای ئیمپراتوری کراسوس تێک شکا و رێبەری مەزنی ئەم شۆرشە چینایەتیە بە ناوی ئیسپارتاکوس بە دیل گرا و لە سەلیب درا تاکو مردن . تاکو 150 ساڵ لەمەوبەریش پاشماوەکانی کۆیلەداری بە شێوەی کۆن هێشتا لە وڵاتانی ئەفریقا و ئەمریکا وجودی هەبوو . هەر چەندە کۆیلەداری لەم دەورانەی ئێمەیش لە شێوازەکانی تر دا درێژە بە ژیلانی خۆی دەدات و ئەساسی ناسینی پێکهاتەی کۆیلەداری هەمان چەوساندنەوە و یان بەهرە و سوود بردنە لە قازانجی کاری مرۆڤێکی تر .

# بەرز و بەرێز بێت 138ەمین ساڵرۆژی لە دایکبوونی لینین ، ماموستای مەزنی کرێکاران

دووی گولان بەرانبەرە لە گەڵ 138ەمین ساڵرۆژی لە دایکبوونی ولادیمیر ئیلیچ ئولیانۆف ( لینین ) ماموستای مەزن و رێبەری کرێکاران ، درێژە پێدەر و پەرەپێدەری زانستی مارکسیستی ، دامەزرێنەر و رێکخەر و رێبەری حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت ( شورەوی ) . لینین لە ساڵی 1870 لە دایکبوو و لە سەرەتای تەمەنی لاویدا لە رێگای ئارمانەکانی چینی کرێکار و لە رێگای شۆرشی کرێکاری خەباتی کرد . لینین پەرەی دایە فیکریەتی شۆرشگێرانەی زانستی مارکسیستی لە سێ بەشی پێکهێنەری ئەو واتە فەلسەفە ، ئابووری سیاسی و سوسیالیزمی زانستی لە دەورەی ئیمپریالیستی دەورەی شۆرشە کرێکاریەکان ، دەورەی تێپەربوون بەرەو سوسیالیزم .و بە شێوەیکی داهێنەرانە لە هەلومەرجی نوێ زانستی مارکسیستیی بە کار هێنا .



هەر بۆیە لینینیزم بووە بەشێکی جیا نەکرو لە زانستی مارکسیستی . ئەوەی کە لە پەروەردەکانی لینین چ لە فیکریەت و چ لە کردەوەکانی شایانی سەرنجدانە و زۆر گرێنگە بریتیە لە تەعکید لە سەر ناوەرۆکی شۆرشگێرانەی زانستی مارکسیستی و خەبات بە دژی لادانەوەکان لە زانستی مارکسیستی . لینین لە بەرێوەبردنی ئوسوڵ و پێداگری و خەبات بە دژی لادانەوەکان زۆر سەرسەخت بوو . ئەو بە تایبەت بە دژی هەلپەرەستی و لادانەوەکانی تر لە ناو بزووتنەوەی چینی کرێکار سوور بوو . لە 138ەمین ساڵرۆژی لە دایکبوونی ماموستای مەزنی کرێکاران ، لینینی مەزن ، بژی پەروەردە مەزنەکانی بۆ گەیشتن بە ئازادی و یەکسانی مرۆڤەکان .

# کۆمۆنیزم چیه ؟

لە کۆمەڵگای سوسیالیستی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە لە ناو دەچێت . خاوەن مڵکایەتی تایبەتی و تاکەکەسی نامێنێ و هەموو کەس بە سەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنان مالیک دەبێ واتە خاوەن مڵکایەتی گشتی دادەمەزرێ . هەموو ژیانی ئابووری ، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگا لە بنەرەتەوە دەگۆردرێ و بە خێراترین شێوەی مومکین و لە هەموو بوارەکاندا گەشە دەکات . دیموکراسی و ئازادی بەرفراوان دەبێتە بنیاتی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و ئەسلی لە هەر کەس بە رادەی توانائیەکانی و بە هەر کەس بە پێ کاری ئەو وەدی دێت . سوسیالیزم نەتەوەکانی سەرانسەری جیهان ئازاد و بەختەوەر دەکات و وڵاتێکی دواکەوتوو دەکاتە وڵاتێکی سەنعەتی و پێشکەوتوو لە مەودای ژیانی تەنها یەک نەسڵدا . سوسیالیزم بۆ کرێکاران کار و سەربەرزی ، بۆ جووتیاران زەوی و تەکنیک ، بۆ روشنبیران ئاسۆی بەربلاوی کاری داهێنەرانە و بوژانەوەی کەسایەتی و ئیستعداد و بۆ هەموو زەحمەتکێشان ئاسوودەیی و ریفاهی مادی و مەعنەوی ، زانست و فەرهەنگی هاوچەرخ و تەندروستی گشتی بە دیاری دێنێ .

بەڵام تازە لاوی ئازیز ، دەبێ بزانین کە سوسیالیزم خۆی بە خۆی قۆناغێکی سەرەتایە دەورانی زێرینی کۆمۆنیزمە . پەرەساندنی بەرەبەرەی سوسیالیزم بەرەو کۆمۆنیزم یاسایێکی عەینی و واقیعیە کە تەداروکی ئەو لە رەوتی پەرەساندنی پێشووی کۆمەڵگای سوسیالیستی ، لە ناو ئەو و لە سەر ئەساسی ئەو ، ئەنجام دەگرێ . کۆمەڵگای داهاتووی مرۆڤایەتی کۆمۆنیزمە .

## کۆمۆنیزم چیە ؟

لە سەر ئالای ئەم کۆمەڵگایە دروشمی لە هەر کەس بە رادەی توانائیەکانی ، و بە هەر کەس بە پێ پیویستیی نەخش بەستووە . کۆمۆنیزم ئەرکی مێژوویی رزگاری هەموو مرۆڤەکان لە زنجیری نابەرابەری کۆمەڵایەتی ، لە هەموو جۆرەکانی ستەمکاری و چەوساندنەوە و لە شەڕ و ماڵ وێرانی بە ئەنجام دەگەیێنێ و ئاشتی ، کار ، ئازادی ، بەرابەری ، برایەتی و بەختەوەری لە سەرانسەری جیهاندا و بۆ هەموو نەتەوەکان بە دیاری دێنێ .لەم کۆمەڵگایە دروشمی هەموو شت لە بەر خاتری مرۆڤ و بۆ خێر و بەختەوەری مرۆڤ بە تەواوەتی خۆی نیشان دەدات .

---

**مێژووی هەموو کۆمەڵگاکان تا ئێستا مێژووی خەباتی چینایەتی بووە.**

**مێژووی خەباتی چینایەتی بەواتای خەباتی چینەکانی چەوسێنەر و چەوساوەیە. نێوان چینەکانی دەسەڵاتدار و چینەکانی زەحمەتکێش, دیل کرا و ئازاد , جووتیار و خاون ملك ، کرێکار و سەرمایەدار ، لە گەڵ یەکتردا کە مور و نیشانی خۆیان دەدەنە سەر رووداوەکانی مێژووی مرۆڤ و گۆران و پەرەگرتنی ئەم رەوتە.**

# منداڵانی سەرشەقام و ڕاپۆرتێك لە بارەی ئەوان

( بەشی یەکەم )



ئەمانە رۆڵەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانن کە بە هۆی هەژاری مادی بنەماڵەکانیان وازیان لە خوێندن هێناوە . لە شەقامەکان و پیادەروەکان بە کۆمەڵ ڕاوەستاون و هەر کام لەوان بە شێوەیەک خەریکی کار کردنن . شێوەیە زکی خۆ و بنەماڵەکانیان تێر بکەن . هەزاران منداڵی سەر شەقامەکان , بە بێ هیچ جۆرە سەرپەنایێک و لە گەمارۆی تاقمەکانی قاچاقی موخەدیرات و ئیتر نالەبارییەکانی کۆمەڵایەتی بە بێ ئەوەی کە هیچ ئاسۆیێکی روون

هێندێک لەوان بە پارانەوە بە دوای ئەوکەسانن کە بۆیان چاوەڕوان بکرێ , بە ترس و دڵەڕاوکە شەو هیچ سەرنجێک بەوان نادەن و خوازیاری ئەون کە لە دەگەیێننە رۆژ و رۆژیش بە کارەکانی تاقەت پڕۆکێن , زۆرتر بوونی رزق و روزی ئەوان بەشدار بین . ئەو کارانەی کە لێدان و جنێو و سووکایەتی تەنیا حەق هێندێکیتر لەوان تایبەتمەندێکی دیکەیان هەیە و بە دەسیەتی دەگەیێنینە شەو . ئەو منداڵانەی کە دەبۆایە هیچ شێوەیێک حازر نین غروریان بشکێ و تا ئەو جێگایە وەک داهاتوو سازانی دوا رۆژی کۆمەڵگا خەریکی کە بۆیان بکرێ ناهێڵن کەسێک شەخسیەتی ئەوان ورد خوێندن بن , بە هۆی هەژاری و نەداری بێ سنووری بکات . لە سەر شەقەماکان و پیادەروەکان زۆرن و بۆ بنەماڵەکانیان لە ماڵ ڕا کردوون و کەوتوونەتە داوی دیتنیان پیویست نیە زەحمەتی زۆر بە خۆمان بدەین و ئەو گورگانەی کە سەر بەستانە و بە ئیجازەی بۆ هەر شوێنیک کە بڕوانین نموونەکانی ئەوان زۆر ئۆرگانەکانی پەیوەندیداری حکومی ئەم منداڵانە بۆ دەبینین . بەڵی “ منداڵانی سەر شەقامەکان , ڕابواردنی جینسی بۆ وڵاتانی قەراخی کەنداوی فارس منداڵانێک کە دەبێ باشترین ساتەکانی ژیانیان لە جێگا دەنێرن و یان بەشێک لە ئەندامی لەشی ئەوان بۆ و شوێنێکی پاک و بێ هەراوهوریا لە گەڵ ئیستفادەی سەرمایەداران دەفرۆشن .تا ئەو کاتەی کە هاوتەمەنەکانی خۆیان بە سەر ببەن , بەڵام بەشی سیستەمی سەدەکانی ناوەراستی کۆماری ئیلامی ئێران ئەوان لە پێشکەوتنی کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەمەیە بە سەر چارە نووسی کرێکاران و زەحمەتکێشان و کە بە شەو و رۆژ دا خۆیان لە سەر شەقامەکان منداڵانی ئەوان سێبەری تگریسی خۆی سەرقاڵی ئەو کارە بێهۆدانە بکەن تاکو بتوانن بەم داخستووە , ئەوان نەتەنیا لە دابین بوونی

لانی کەمی ژیان و گوزەرانی سەرەتائی بێ بەشن , بەڵکو هەر ڕۆژێک کە تێپەر دەبێ ئەم وەزعە ناڵە بارە پەرە دەستێنی و ژیانی ئەوان خراپ و خراپتر دەبێ . بەم کورتە روونکردنەوەیە , سەرنجی خوێنەرانی گۆڤاری ڕێگای گەل بە خوێندنی ڕاپورتێک لە ناو خۆی ولات کە بۆ ڕێکخراو هاتووە , ڕادەکێشین .

## راپورتێک لە ناوخۆی ولات

ئەمڕۆکە ڕۆژێک نیە کە لە هەر کۆلان و گەرەکێک و لە هەر شەقام و چوار ڕیانێک تێپەر ببین و لە گەڵ یەکێک لە ناڵەباریەکانی ڕێژیمی سەرمایەداری و دیکتاتۆری حاکیم بە سەر ولاتەکەمان وەک مندالانی سەر شەقامەکان , موعتادەکان , ژنانی سەر شەقامەکان , کچانی ڕاکردوو لە ماڵ , کورانی ڕاکردوو و بێکاران و هەروەها بێکارانی نهێنی ڕووبەڕوو نەبین . تەنانەت لە شەوانی ساردی زستان چ زۆر بێ خانوویێک کە خۆیان بە نرخی هەبوونی سەرپەنایێک تەنیا بۆ شەوێک دەفرۆشن و لەش فرۆشی دەکەن . چ زۆر موعتادێک کە لە شەقامەکان بە دەنگی کزەوە لە بن گوێ ڕێبوارانەدڵێن , ئاغا هەر چیتان بیهەوێ هەمانە 13 ساڵ بەرەو سەرەوە هەتا بیستوومە کە هێندێک لە کچان و ژنانی لاو بۆ وەدەس هێنانی پارویێک نان و تریاک لەشی خۆیان دەفرۆشن . کام وێژدانێکی ئینسانی هەیە کە ئەم هەموو نکبەتە بە چاوی خۆی ببێنی و یان ببیسێ و ئەو کات بتوانێ بە بیانووی ئەمەی کە خەبات هێشتا هەزینەیێکی قورسی هەڵدەگرێ یان ئەمەی کە ئێمە نرخی خەباتمان داوە , شەو بە ئاسوودەیی بکاتە بەیانی . لە کوێ دایە ئەو سەوڵە ڕاوەستاوەی خسرەو کە بە دیتنی کەسێک کە لە ناو موقەبا لە شەقامی ناسر خسرەو دەخەوێ هاواری خۆی بەرز بکاتەوە , لە کوێ دایە هاورێ دایک تاکو دیسان ئەحمە دێک بە خەڵک پێشکەش بکات کە ئاسوودەیی خۆی لە حاڵێکدا خەڵک برسین تەحموول نەکات .توێ گوێرەکە لە پاشماوەی پیسایی هەر ئەم خەڵکە دەخوی و دیسان شانازی بەوە بکەی کە من تێرم , ئەگەر خەڵک برسیەتی بە من چ پەیوەندیێکی هەیە ؟ هاوڕێیان دەزانم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموو ئەو کەسانەی چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی ولات بە بیانووەکانی جۆراو جۆر , چ لە ناوخۆ بە بیانووی هەزینەی قورس و ڕۆژانە و هیستد ... و چ لە دەرەوە بە خێرو بەرەکەتی ولاتانی ڕۆژ ئاوایی خەریکی ژیانی ڕۆژانەی خۆیانن , ڕۆژێک لە دادگای وێژدانیان خۆیان دادگایی دەکەن .بەم مەبەستە قسەی خۆم لە حەسەن دەس پێ دەکەم , منداڵێک کە تەمەنی منداڵی خۆی بە جێگای هەڵاتن لە گەڵ هاو تەمەنەکانی بە دوای توپ کە لە وشەی قوتابخانە لە کاتی ڕا کردنن , هاو پێی ڕێبوارانی شەقام تاکو لە وانەیە بە دوکوڵ کردنی ئەسفەند لە قوتی کۆمپوت کە ئەوی لە بنەوە کون کردووە و یان بە چەور زمانی بتوانێ لە وان تمەنێک وەرگرێ . کە دەگەمە ئەو لە پال دەستی ڕادەوەستم و پاش سلاو کردن ناوی لێ دەپرسم .



( پاشماوە لە ژمارەی داهاتوو )